# لەچاوەڕوانی عیشقی تۆدا



شیعری:
ـشید دڵنیا

# لەچاوەڕوانی
# عیشقی تۆدا

شیعری

مجید دڵنیا

■ناوی کتێب: لەچاوەڕوانی عیشقی تۆدا

■ نووسەر: مجید دڵنیا

■ تیراژ: ١٠٠ دانە

■ ساڵ: ١٩٩٨

■ کۆمپیوتەر: شەبەنگ

■ مۆنتێڤ: غازی محمد

**پێشکەشە بە:**

- ئەو کەسانەی ئەم وشانە ئاسودەیی بەڕوحی ماندویان دەبەخشێت.

- بەڕوحی بەفرینی نەنکە (فاتم)م.

- بەشیرینی هاوسەرو ژوانی تاقە جگەرگۆشەم

# چرپەیەك

**خوێنەری خۆشەویست**

ئەم کۆمەڵە ڕازە، لەنێوەند ساڵەکانی (٨٥-٩٠)دا نووسراون. لەساتە وەختی خۆیدا لەبەر هەر هۆیەك بێ، دیارە لەپێش هەر شتێکەوە کێشەی مادیە، کەدەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە دڵو دەروونی ئێوە شاد بکەن. بۆیە پێویستە لەکاتی خوێندنەوەدا (کات) لەبەر چاو بگیرێ.

ئەم چەپکە ڕازە لای من شیعرن، شیعریش خۆشەویستەو تێکڕا بەسەر یەکیشەوە چیرۆکێکن لەگەڵ ئەوەشدا شیعر بوونو نەبوونیو قبوڵکردنو نەکردنی دەمێنێتەوە لای تۆی خوێنەر.

ئەم ڕازانە، گەرچی زیاتر دەربڕی عاتیفەی تاکە کەسنو تەعبیر لەموعاناتی کەسێك دەکەن، بەڵام دەکرێ بڵێین:-

هەموومان بەکوچەی عاتیفەدا گوزەرمان کردووە، لەوسەر وەختانەدا کە هۆنراوەیەکمان خوێندبێتەوەو لەگەڵ دەروونمان سازابێت. وا هەستمان کردووە ئەو هۆنراوانە خۆمان نووسیومانە، یا بۆ ئێمە نووسراون، بۆیە دڵنیام زۆر هەن کەئەم هۆنراوانە دەخوێننەوەو خەمەکانی خۆیانی تیا دەبیننەوە ئاسودەیی بەڕوحی شەکەتیان دەبەخشێ، بەتاسەوە وەریدەگرنو خۆشیان دەوێ.

ماوە بڵێم، هەندێ لەم هۆنراوانە، کاتی خۆی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەتەوە. بەلێبوردنەوە دەستکاریەکی کەمی هەندێکیانم کردووە.

تەکیەی بەردەربەند

22/2/1993

# هاوڕاز

لەجیهانێکی بەریندا
لەدایکبووم...
لەرۆژگاری ژیانمدا
بەرەو گێژاوی ئەوین چووم..
هاتم. شاتم
تاوەك ماسی‌یەکی وێڵو سەرهەلگرتوو
بوومە تۆڕی ئەوینتەوە..
سوێسکەیەکی نابەڵەد بووم
کەوتمە داوی
عیشقو خەم و برینتەوە
بۆیە ئیتر، لەو کاتەڕا
بوومە هاوڕازی مەجنونو
عیشقە بێ گەردەکەی فەرهاد...
یا دەگەم بە لووتکەی ئاوات
یا وەك ئەوان
دەبم شکستو ناموراد...

1985/10/26

* ئەم پارچە هۆنراوەیە لەپاشکۆی "عیراق" ژمارە ((٤٨))ی ١٧/٨/١٩٨٨دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لێرەدا کەمێك دەستکاری کراوە.

# نامەیەکی بێ وەڵام



کێ نازانێ
من بەعەشقی تۆ سووتاوم...؟
کێ پاپۆڕی ئەوینی تۆ
بەدی ناکا
لە پانتایی ئۆقیانووسی هەردوو چاوم...؟
نازدارەکەم
ئەی تەنها گوڵێ شارەکەم
خوا دەیزانێ، هەتا ئێستا
بۆ عەشقی هیچ کیژۆڵەیەك
نەگریاوم...
کەچی بۆ عەشقی پیرۆزت
زۆربەی شەوان
لەڕەوەزی دووری تۆدا
گلاراوم
هۆ دڵە گیان
لەکەڕنەڤاڵی دووریتا
زەبرو زەنگی خەمو تاسە
لیێم ڕاپەڕین

بۆسەر گەروو، بۆ هەناسە
بۆیە منیش
پێنووسم نایە سەر کاغەز
نامەی ناوەختم بۆ ناردی
وشەم کردبووە ملوانکەو
هۆنراوەشم خەڵات کردی
وشەی جوانم زۆر نووسیبوون...
هەندێ تینوو
هەندێ هەر زۆر زۆر برسیبوون...
برسی‌و تینوو
بۆ بینینی باڵای شەنگت..
برسی بۆ ماچێکی لێوت
تینوو بۆ ئاوازی دەنگت..
نیازیان بوو
بەسۆزەوە
لە ڕێی پێشوازی کردنیان
ئامێزیان بۆ بکەیتەوە...
پەرسڤی ڕەزامەندیان
بدەیتەوە...
کەچی گیانە
کوا وەڵامی نامەی حەزو
ووشەی گەرمی دڵ سووتاوم..؟
کوا بەزەیی بەمناڵی
هەتیو کەوتەی تێر گریاوم..؟

وەها دیارە،

یخت داون

چوونە ژێر پەتی سێدارە

کچێ توخوا

خۆتۆ لای خۆت، تاوانبار نیت

ئەی بۆ لەئاستی بەختی من

پەتی سێدارەت گرتە دەست..

پێ شێلت کرد، ئاوات، مەبەست...

1985/12/31

# بڕووسکە

-1-

ئەی هەناسەی خەمی تەنیام
گەر ئەتزانی
ڕۆژانی عەشقی مەینەتیم
چۆن بەسەر برد...
شەو تا بەیان
بەدیار شانەو هۆنینەوەی
خەمی تۆوە
درم بەتاریکی شەوداو
پەردەی دەیجوریم لەت لەت کرد...

-2-

بەڵام گیانە،
ئەشکی چاوە گەشەکانم گەواهدەرن
تاسەی هەناسە ساردەکان هەواڵدەرن
بۆ نا پرسی؟
لەئەستێرەی شەوی بێدار
لەخۆر، لەمانگ و ڕۆژگار
تا بزانی
ئەوانیش بۆم بوونە پەژار

بۆ کۆست کەوتەی منی هەژار
تۆ ئەزانی؟
ئەوەندە شەو بەتەنیایی
هەڵترووشکام...
دیلێتی تۆم هەڵئەسەنگاند
بۆیە سووتام...
بەئاگری عەشقی دووریت
بەدیلێتیت..
پەردەی ئارامی دڵ بڕا
لەناشادیت



-3-

لەکاتێکدا
بێهیوا بوم لەژیاندا
لەدڵداریت...
لە پە یمانی خۆشەویستیو
ئەوینداریت
بۆیە سەرتاپای خەمەکان
بڕیاریاندا...
کۆچو بارکەن بەناخمدا

- 4 -

گیانە ویستم
بۆ یەکەم جار...
لەدەست وەدیشوومەی ڕۆژگار
بنێرم بۆت یەکەم نامەی ئاورینگی ژان
تیابنووسم یەکەم ووشەی عیشق وخەزان
بەڵام ئازیز

شەکەتی دڵەی بێزارم
ماوەی نەداوم...
بۆت بنووسم هەست و نەستی
ڕازی تەنیام
ڕاستە ئەڵێن،
دوای هەر خەمێ،
شادی هەیە
دوای بەندیش،
ئازادی هەیە
بۆیە بینیم، لەناوەختا...
لەگەڵ نەسیمی بای وەشتا...
خوشەی ڕووخۆش گەیشتنە هەوارگەی دڵ...
بوولبولی خۆشخوانی دڵ، چووە سەر چڵ...
لەو ڕۆژەوە،
نە کۆچی خەمەسوورەکان
لێم میوانە..
نەلەباخی هیواکاندا
گوڵ وەرانە

1986/1/1

ئاغجەلەر

* ئەم پارچە هۆنراوەیە لە گۆڤاری "بەیان"ی ژمارە "١٦٨"دا، بڵاوکراوەتەوەو کۆتاییەکەی قرتاوە.

# تاسەی دووری

-1-

ئێوارەیەو
بەتەنیایی
لەسوچێکی ژوورەکەمدا
ڕاکشاوم بێ ئاگایی
لەغوربەتدام
ڕای فڕاندووم شنەی خەیاڵ
بەرەو لای عیشقی کۆنە ساڵ

-2-

خۆشەویستم
لەمێژەوە
لەدیداری تۆ بێبەشم
گیانە ئاوی چاوم داهات
بووبە بەفر پرچی ڕەشم

-3-

هۆ گوڵەندام
ئەی هەڵگری پەیامەکەی
عیشقی بارام
لەدووری تۆ
شەو نییە هەتا نیوەشەو
وەك چاوێکی تۆراو لەخەو

ئێشك ئەگرم
ئەڵێم بەڵكو
ئەگەر بۆ وەنەوزێکیش بێ
بێیتە ژووان
بالەنێو ئامێزتا بمرم
ئالەو کاتەی
کەتێر دەبین لەڕامووسان

-4-

ئێوارەیەو کات درەنگە
پەیکەری بەژن و بالاشت
لەدەریای بیرکردنەوەمدا
نۆ بووکێکی گەلەك شەنگە

- 5 -

خۆشەویستم
خۆ نازانم لەدوورەوە
هانا بۆ کام شیعر ببەم
خۆشەویستیت بگرێتە خۆ..
فەرامۆشی بابە دڵۆ
لەگێژەنگی بێ تۆییدا
بمخاتە دەریای گفتوگۆ...

1986
بەغدا

# گوڵە تەمەن

لەباخی ژینا تەنها گوڵێك بوویت
مەلی ئارەزووم بۆ لات هەڵفڕاند
"بووكی ڕازاوەی ناو خەیاڵم بوویت"
بەرامەی شادیم بەڕووتا پرژاند
سرکو گورج* بوویت هەروەکو مامز
تیری ئەوینم بەڕووتا تەقاند
بەوێنەی کەوی سەر لووتکەی هەردبووی
لەکازیوەدا بۆمت ئەقاسپاند
بەدکار کەزانی عیشقم بەجێیە
هاتو کاری خۆی باش پیمان نواند
ووتی ئەبووەو ئاگرێ جارێ تر
دروست ببنەوە شیرین و فەرهاد
بۆیە هەڵیکرد ڕەشەبایی قینی
هەڵی کردە سەر مەلۆتکەی بێداد
هێندە هات و چوو وای نەهێنا
تاگوڵی سووری عیشقی هەڵوەراند
ئەمڕۆ بۆگوڵی کەم تەمەنی تۆ
هەزار خەونی سوور ئەهێنمەوە یاد
بەیادی تۆوە، هەمیشە دەژیم
ئاخۆ کەی ئەبێ بەیەك ببین شاد؟

1986/3/8

بەغدا

* ئەم پارچە شیعرە لەرۆژنامەی هاوکاری ژمارە "١١٠٩"دا بلاوکراوەتەوە.
- ئیحای دێڕە شیعرێکی ((ئەحمەد هەردی شاعیرە))

# حەزم ئەکرد

-1-

حەزم ئەکرد
کوڕە کەچەڵە بوومایە
لەهەرکاتێك
هومای عیشقت هەڵبدایە
پێم خۆش ئەبوو
تاجی پیرۆزی ئەوینت
لەسەر کەم و
لە پایتەختی دڵی تۆدا
لافی شاهیم لێ بدایە

-2-

حەزم دەکرد
وێنەی خێڵێکی کۆچەری
سەر لێشێواوی کوردستان
لەنێو دڵتا
ڕەشماڵی عیشقەکەم هەڵدەم
توێشووی ئەم سەفەرە سەختەم
لەبەر تیشکی
خۆرەتاوی نیگات هەڵخەم

-3-

حەزم دەکرد
لەئامێزی نەرم و نیان
تینوێتی خەوم بشکێنم....
لەبەری باخی سینەکەت
حەزەکانم دامرکێنم
لەئارامگای هەستی تینووت
خەمی چەند وەختە بڕژێنم

-4-

حەزم دەکرد
هەستی شەیدام
یەکانگیر بێ لەگەڵ هەستت...
حەزم دەکرد
خەمی پەیتام
تێکەڵ بێ لەخەمی خەستت

-5-

ئارەزووم بوو
لەجیهانی بەرین و پان
بەجووت هەردوو لێدەین لەشاباڵی ژیان

-6-

حەزم دەکرد
پەنجەی ناسکو لاوازم
لەنێو قژی خاوت بنێم

بەسەمفۆنیای تاڵی پرچت
لەنەسیمی ئێوارانا
بەوردە ڕازەکان بشێنم

-7-

بەڵام جەخار
ئێستا کەتۆ ڕاگوێستراوی‌و
چارەنووست نادیارە..
مەگەر هەر خوا پێ بزانێ
ئاخۆ ماوی‌و
کەی دێیتەوە بۆم هەوارە...؟!

# کە خەم لەسێدارە دەدرێ

-1-

زویر مەبەو
جێم مەهێڵە...
کاتێك ڕووی حەزوەردەگێڕی
ئاسمانی دڵ یەکسەر دەبێتە ڕەهێڵە
زویر مەبە
زویر بوونت
دەرگا لەسەر باهۆزی خەم
دەکاتەوە...
هەنگە سوورەی بیرەوەریم دەئاڵۆسکێ
بەدەم هەنسکی گریانێ، خەوێ کفت
دەمباتەوە...

-2-

نەشمیلەکەم
نەکەی هەرگیز
لەکۆتایی سوچی ڕێگا نیگاکانت خامۆش بکەیت
بۆم نەڕوانی...
ئەی نازانی
تۆ بۆ من هیوای ژیانی...
بۆ ناسۆرم
تۆ هەتوانی...
ئەی نازانی
سۆمای چاوت تیشکی خۆرە
سەهۆڵبەندانی بێزاریم

ئەکاتەوە...
بارانێکی بێ ئامانە، بێ پایانە
پەڕو باڵی مەلی شادیم
ئەشواتەوە...

-3-

شیرینەکەم
پێ بکەنە
دەبا ماتەی خۆزگەکانم لەسەر خەندەی لێوەکانت
خۆی بتەنێ
دەبا بەدەم، شادی ژیان
تێر بخەنێ...

-4-

پێ بکەنەوە...،
بەخەندەی تۆ
خونچەی هیوام
وێنەی گوڵی دەم کازیوە
دەپشکوێ..
پێکەنینت
خەم دەنێژێ
لەگۆڕەپانی شادیا
لەگەڵ وشەی ئازادیا
لاشەی خەمم هەڵدەواسرێو
بەتیری خەندەی لێوانت
دەئەنگوێ... دەئەنگوێ

ئەیلولی 1987
چەمچەماڵ

# پەژیوانیی و شەپۆلێك هەزی كۆچ كردوو

ئەی ئەو کەسەی
خۆشم ئەوێی
لەئامێزی کاروانێکدا بەرێکەوتین
هێدی... هێدی
گرێو کۆسپی ڕێگەم دەچنی
کاتێ بینیم
بەجێماوم تۆ وا لەجێی
ئەی ئەو کەسەی
یەکەم ڕازی سینەی گەرمت
یەکەم هەستو پەردەی شەرمت
ئاوەڵاکرد
خۆت کرد بەمۆمێکی بێ گیان
بۆ ڕۆژانی ئەو کاتەمان
خۆت داگیرسان
توایتەوە
ژیلەکەشت
بۆم بوو بەپرد
هەتا بەسەر
دەریای چرپە نهێنییەکان
ڕابپەرم

خۆت کرد بەتیشکی ئەو خۆرەی
لەکازیوە
تیشکی بەزەیی و زێڕینی
بەقەدپاڵی کەژی بەختا
هەڵدەماڵێ...
بووی بەبرووسکەی
ڕەهێڵەی ڕۆژێکی زستان
بەسەر کۆسپی چڕو سەختا
هەڵدەشاخێ...
بەڵام گیانە
من ئەو کاتە جەستەیەکی ساردو سڕبووم
من ئەو کاتە،
دەرگایەکی داخراوی کڵۆم خڕبووم
بۆیە ئەمڕۆ
داوای بەزەییت لێ دەکەم
سەرلەنوێ وەدەست پێ دەکەم
کەشتی عیشقم بەڕێوەیەو
تەنیا باڵە...
متمانەشی هەر بەتۆیە
چونکە کاروانی عیشقەکەت
زۆر لەمێژە، والەجێیە
چاوەڕوانی..
باڵی بەزەیی تۆ دەکەن
کڕنووش بۆ گشت شتێك دەبەن
زەوی.. ئاسمان
سروشت.. ژیان

بەڵام گیانە ئەی کچەکە
ئەی کچە گەنم ڕەنگەکە
سوێندبێ بەبرژانگی ڕەشت
بەئەستێرەی چاوی گەشت
پڕ بەگەرووم
پڕ بەژیان
پڕ بەهەموو
ئەو شتانەی گوێیان لێمەو
ئەیان بینم...
هاوار دەکەم
خۆشم دەوێ
ئەی هاودەمی حەزو تاسە
ئێستا لەکوێی؟
ئێستا ئاخۆ میوانی کێی؟
لەسەر کام ڕێی
بڕوا بکە، لەناخەوە
خۆشم دەوێ،
خۆ...
شم...
دە...
وێی....!

1987/10/31
بەغدا

# چرپەی حەزێك

کە پەپوولەی حەزەکانم
بەزۆزانی چاوەکانتا
گوزەری کرد
بێ شك زانیم
چەندەها ڕازی تێدایە
کەئەگریجەو
زوڵفی تێك ئاڵاوتم پەی کرد
گیانە زانیم
گەلێك حەز خۆی حەشارداوە
پڕ بە پڕی ئەم دونیایە
کەبای حەزم
خۆی لەدەرگای دڵت هەڵسوو
بەخۆت زانی
بەڵام ترسای
ئەگەرچی خۆی حەشاردابوو
لەدەریای بێ بنی دڵتا
شە پۆلی هەزار ئارەزوو

1986/10/26

# گۆچی هەز

-1-

گیانە وتیان
دوێنێ هەواڵت دەپرسیم
بۆم دەگەڕای بەتاسەوە...
کەچی ئەمڕۆ
نەهەواڵم لێ دەپرسیو
نەدەشم دەی
بەدەم کلپەی هەناسەوە

-2-

ئاگام لێبوو
ڕۆژگارێ تیشکی چاوانت
ئاگرێکی گڕاوی بوو...
کەچی ئەمڕۆ دامرکاون
بوون بە ستوو...

1987/11/12

ئەم هۆنراوەیە لە گۆڤاری ((ڕەنگین))ی ژمارە (٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە.

# دوا رەنگی خۆشەویستییەك

-1-

ئەی ئەو کەسەی
ساڵەهایە...
عیشقت هەورێکی ئاووسە
گشت ئانو سات دادەبارێو
دواییینایە...
ژیان بێ تۆ، بێ مانایە...

-2-

ئەی فریشتەی ئەم هەوارە...
تۆ دەزانی
ئەوە چەند وەرزی بەهارە...
بێ هودەیی کۆخەمی تۆ
بەسیمای تەڵخما دیارە
ئەوە خەڵکی لەنێوەندی
دەریاو شەپۆلی تاسەو حەز
لافی شاهانە لێ دەدەن
کەچی خەمی مێروو وەفای ئێمە ئاسا
تا ئێستاش هەر لەکەنارە....



-3-

ئەی ئەو کەسەی
دێر زەمانە
بەئاگری سۆزی عەشقت
وێنەی مۆمێکی خۆنەگر
ئەسووتێنم و ئەتووێمەوە...
بووی بەمار سلیزی زار
هەر ئەتلێم و ئەتلێمەوە...

-4-

ئەی ئەو کەسەی
بەخۆری دڵداری سووتاو...
گەر دەپرسی
لەمنی دڵنیای ژاکاو...
بووم بەخوناو
لەسایەی عەشقی خێرنەدیوو..
گوڵی هاوشانم لێ رەنجا
بووم بەهەتیو

-5-

بەهەویا بووم
لەرۆژگارو لە وولاتی،
دەیجوورستان
ڕابەرم بێ چاوی گەشت...
چاوڕوان بووم مەلۆتکەی حەز
بێ خەم وەنەوزی خۆشی با

لەنەرمەگای نێو باوەشت...
بەڵام حەسرەت
نەبووم بەهاوەدەمی لەرەو
نۆتەی دەنگ و
نەبووم بەهۆگری دیدەو
پرچی ڕەشت...

-6-

چونکە ئازیز
خۆشەویستیت وەك سەراب بوو
چەند دەهاتم، هەڵدەهاتی...
سەد مەخابن
ئەم دەزانی
لەئاستی بەکرە شۆفاران
کڕو ماتی
ئەم دەزانی
داستانێکی پڕ ئاسۆرو
مەرگەساتی...

-7-

بۆیە گیانە
ڕۆژگار سەنگی مەحەکمانە
ئەمە دووا زەنگی خەزانە
بەڵام لای من
بڕوا بکە
بەرایی خەم، مەرگو ژانە

1987/5/1

# چاوەڕوانی

-1-

زۆر دەمێکە

چاوەڕوانی ووشەیەکم

بیدرکێنی...

چاوەڕوانی بزەیەکم

لێوانتی پێ ببزوێنی

-2-



زۆر دەمێکە

دەشتی تینووم

چاوەڕوانی ڕێژنەی حەزی

چاوانتە...

زۆر لەمێژە

مەلی حەزم

شێتو شەیدای کرانەوەی

پەڕەی گوڵی لێوانتە...

-3-

زۆر دەمێکە

گیانە وەك تەزووی کارەبا

لەنێو خوێنما دێیتو دەچی...

ئەمن بوومەتە بێستوونو تۆش لەناخما

بەقوڵنگی یادەکانت
شاخی دڵم دادەپاچی

-4-

دێر زەمانە
خەون بەهەرمێی بەهەشتی
سینەی ڕەزتەوە دەبینم...
لەدەریای چاوەکانتدا بە پەرۆشی مەلە دەکەم
شەکەت نابم هەر بەتینم...
بۆ دیمەنی حەزو تاسەت
لەنێو جۆشی گەرمەشینم

-5-

کچێ ئاخۆ
ئەبێ کەی بێ؟
تۆوی ئەم عەشقە سەرشێتەم بەبارانی دیدەکانت
لەنێو کێڵگەی دڵتا بڕوێ..
وەکو کۆرپەیەکی نازدار
لەنێو بەهاری ئامێزتا
پشوو بداو تێر.. تێر بنوێ

1987/12/31

بەغدا

* ئەم هۆنراوەیە لەپاشکۆی عیراق ژمارە (٥٢)ی ڕۆژی ١٤/٩/١٩٨٨دا بڵاوکراوەتەوە.

# ڕامان

## لە کەناری پرسیارێکدا

1

هۆ کاڵێ گیان
کاتێک شنەی خۆشەویستی
خۆی دایە بەر
سایەی زوڵفی تێک چرژاوت
خۆی دایە بەر
نۆتەی دەنگ و
ڕەنگی زەردو بزرکاوت
لەو دەمەوە
گەمێ خۆشەویستیم بینی
لە نێو زەریای هەردوو چاوت

2

یار ئەم کاتە
خۆشەویستیم
لە شتێکی لێڵ پەروا بوو
لە نێو ئۆقیانووسی دڵتا
حەزەکانم ساتەی دابوو
لە لێوی وەک پەڕەی گوڵتا

3

یار ئەم کاتە

هەرچی وشەی ناسک هەبوو
بەبن گوێی مندا دەت چرپاند
چی ڕازی نهێنی هەبوو
یەك یەك بۆ منت دەدرکاند...

-4-

پار ئەم کاتە
بوولبولێکی خۆشخوان بووی
ئاوازی خۆشت بۆم دەچڕی...
لەبازاڕی حەقیقەتدا
دیاری ئەوینت بۆم دەکڕی

-5-

پار ئەم کاتە
من فەرهاد بووم
تۆش هەڵگری ڕازی شیرین...
کاکە مەم بووم
تۆش خاتوو زین

-6-

پار ئەم کاتە
خەڵکی هەموو دەیانزانی
ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ
هاوڕێکانم دەیانزانی
هاوڕێکانت دەیانزانی
لەهەرکوێ بم
لەهەر کوێ بی
دێمە ئەوێ
دێیتە ئەوێ

هیچ کامێکمان
بێوەنەوزی یادی یەکتر
نانووین شەوێ
-7-
بەبیرت دێ دوایەمین رۆژی
سالّی پار
لەسەر نەردەوانی زانکۆ
دانیشتبووین
بەجووت دەمانکرد گفتوگۆ..
نەتۆ دڵتەهات جێم بێڵیو
نەمنیش تۆ...
-8-
پار ئەم کاتە
چی لەمندا بەدیت دەکرد
خۆشت دەویست
لەگوفتارم
لەڕەفتارم
لەئەو شێوەیەی پێی دەدوام
تادەهاتی،
زیاتر ئاوێتەی من دەبووی بەبەردەوام
حەزت کرد لەو خاك وئاوەی لێی نیشتەجێم
حەزت کرد لەو شێوە زارەی کە پێی دەدوێم
سەبووریت بەوانەش دەهات بوونە هاوڕێم
ئەوانەت خۆش نەدەویست کەرقیان بوو لێم
-9-
هۆ خانمەکە

کەچی ئەمڕۆ
هەرچی شتێك لای تۆ هەیە
پێچەوانەن...
قسەکانت گەلێك تیژن
وەکو تیری دەم کەوانەن..
ئەی بۆ ئەمڕۆ؟
وەك فریشتە
قامچی ڕق و
کینەی هەورم
بەسەر سەردا دەبارێنی...
بەم پایزە درەنگ وەختە
بۆ کۆتری هیواکانم
لەهێلانەی دەتارێنی...؟
خۆزگە گیانە
بم زانیبا
بۆ کاروانی خۆشەویستیت.
گەیشتە جێو نەمایەوە...؟
بۆچی حەزە شێتەکانت
بێ سەرو شوێن
ڕۆیشتن سەریان نایەوە...؟

1988/1/14

(١) ئیحای ئەم دێڕە هی شیعرێکی مەدهۆشی شاعیرە.

# کەفارەتە

ئێوارەبوو
دایکم بەچرپە پێی وتم
ئەو خۆرەی جێ کرنۆشت بوو
ئەمڕۆ تەمەنی پایزەو
ڕەنگی زەردە...
ئەو مانگەی هەتوانی زامە
دەمی برینی والایەو
تلاوەی ئازارو دەردە...
ئەو لێوانەی تەڕو پاراو
مەزەبوون بۆ شەوی یەلدا...
ئەمڕۆ وەرزەکەی هاوینەو
کارێزەکەی
دەنگی ووشك بوونی هەڵدا..
گیانە ڕاستە
ئەڵێن زەردەخەنەی شادی
لەتۆ دوورە..؟
هێرشی خەم
گەمارۆی دەوری سنوورە...
تو خوا ڕاستە

لاشەت سستە
پێ ناکەنی وەکو جاران؟
ئەشکی ناسۆر لەچاوانت
دەبارێ وەك شەستە باران
شیرینەکەم
ئەی تەنها خەمی ژینەکەم
لێم ببورە
کەناتوانم لەژوور سەرت
تێر بنووم بەدڵنیایی
کەچی بۆ سوێی زامەکانت
بەکوڵ دەگریم بەتەنیایی
نا.. نا.. هەرگیز
دلگیر مەبە
خەمت لەنێو خوێنم دایە...
خۆشەویستم کەفارەتە
نەخۆشیت ڕوو لەشیفایە...

1988/1/22
تەکیە

# لەساڵرۆژی عیشقێکدا

-1-

نامەکانت

وەك ملوانکە

بەنیگاری بەرۆکی سینگی بەفرەوە

پڕ لەنەخشن...

بۆ ئەم گیانە ساردو سڕەم

تەزوو بەخشن...

گشت بەهارێ

لەیادی ساڵی تازەدا

چاوەڕوانی وشە پڕ لەسۆزەکانم...

بێ سارێژ کا هەموو دەمی

بەئازاری زامەکانم...

-2-

بوو بە پێنج ساڵ...

لەچاوەڕوانی هاتنتا

من و ئارام

من و عیشق و خەمو ئەشکی چاوەڕوانی

بووینە هەڤاڵ..

-3-

ئەمساڵ

بەپانتایی عەشقت

مەرگەودڕان ڕاست بوونەوە....
دێنو دەچن،
کێلا نمان لێ دەسوونەوە..
نیازیانە
دوو هەناسە...
دوو حەزو گیان یادوو تاسە...
لێك جوێ بکەن
بێ ئاگا لەوەی عیشقی مە
وەك عیشقی خەزاڵو لاسە..

-4-

نامەی ئەمساڵتم خوێندەوە
پڕ لەڕازی خۆشەویستین...
لەمیحرابی کڕنۆشی حەزەکانمدا
جەنجاڵی عیشق پەرستین...
بۆت نووسیووم
ئەگەر خۆشەویستی نەبێ
ژیان بوونی بێ مانایە...
ئەمرۆڤ و ئەسامانیش
بەبێ نرخ و بێ بەهایە...
بۆت نووسیبووم
بۆیە ژیانم خۆش دەوێ
چونکە دڵم بە تۆ داوە...
باخی ژینم لەسایەی عیشقی پیرۆزت
گووڵی هیوای تیا پووشکاوە...
هەرچەندە ئەمڕۆ
ساکە دەشتی ئەوینی مەڕێیەندانە

بەڵام گیانە
دڵنیابە
"ژیان لای من بەرەو هیوا کۆڵ نەدانە"(١)
بۆیە منیش لەگەڵ نامەت
بەبەڵێنی پەنجەو خامەت
گشت بەهارێ
ئەگەر ڕێژنەی تانەی خەڵکی
وەکو تەرزە داببارێ...
خۆشەویستم بە پێنووسم
بەڵێنی نوێت بۆ دەنووسم


1988/4/26
بەغدا

(١) نیوە دێڕێکی شاعیری ناسراو "شێرکۆ بێکەس"ە.

# کۆستی خەمێك

-1-

ئەم شەو کۆستی
خەمێکی قووڵ دڵی گرتووم...
ئەم شەو خەوێك
وەك ڕەشەبا هەڵی گرتووم...
پەستم... پەستم
ئەم پەستیە بەرم نادا
وەك شەپۆلی کەنار ڕووبار
مێشکم وەك لانکی ڕاژەنیو
مۆخم کۆرپەی لانەوازە...
وەك لەدایکی دابڕابێ
سەدای گریەی بەئاوازە...



-2-

ئەم شەو دڵم
جیهانێکی بەسەرچۆکە
خۆی لەسێبەری مەرگەسوێ..
نەبولبولێك
نە قاقای کەنیشکێکی جوان
خۆی ئەدا لە پەرەی گوێیو
نەبۆی ئەدوێ...

-3-

وادەزانم
ئەمشەو بەقەد
باڵای بەرزی شەنگی ئاسمان
بەژمارەی ئەستێرەکان
خەم لەسەر دڵم باریوە...
لەسەر ڕووی ڕەش داگەڕاوم
هەزاران تەونی چنیوە...

-4-

گەلێك سەیرە
ئەم شەو دێوەزمە ڕەشەکە
خۆی لەسەر پێ دەشتی سنگم
داکوتاوە...
دڵی بەجۆرێ گووشیوم
گەر وا بڕوا ڕەشی دەکا
ئەم جەرگ و دڵ و هەناوە

-5-

من تێ ناگەم
کۆستی ئەم خەمە سەرشێتەم
بۆ ئەو خۆرە ڕەنگ زەردە بوو
کە ئێوارێ
دیم لەناو تەلبەندی خەما....
ئەی هاودەمان
ڕێ لەخۆری خۆشەویستی ڕاستەقینە
چۆن دەگیرێ لەناو تەما...؟!

شەوی 18\19/5/1988

# دوا تكا

هۆپەری خان
تاکەی ڕازو هەستو نەستم؟
بۆتی بخەمە سەر دەستم
تاکەی چرۆی حەزەکا نمان
بەچەقۆی ترس بڕوشێنین؟
تاکەی خونچەی هیواکا نمان
لەباخی ژین هەڵوەرێنین؟
تاکەی خەزو ئارەزوومان؟
لەدرورەوە
وەك فوارە قوڵپ بدا...
تاکەی مەلەی لەشی سپیت
لەدەریای بیرکردنەوەمدا
شڵپ بدا..
هەتاکوکەی؟
لەبەر ترس و لۆمەی خەڵکی
ژەهر دەرخواردی حەز بدەین...
لاشەی سستیان
بۆ مەیدانی گۆڕستانی مەرگ ببەین..
دەبا گیانە
دوا هەنسکی گرین ببڕین
دوا فرمێسکی دووری بسڕین

دوا پەڕاوی ترس و لۆمە
بەدەستی خۆمان بدڕین...
ئەوسا گیانە
وەکو دوو دڵداری سەربەست
لەجیهانی ئەوینا مەست
لاشەی بێ شوماری خەممان
ڕا بماڵین..
بەرگی ڕەشی
ساوا حەز کوژراوەکانمان
دا بماڵین
بڕۆین... بڕۆین
دەست لەناو دەست
بۆیەک هیوا، بۆ یەک مەبەست

گەلاوێژی 1988
تەکیە

* ئەم هۆنراوەیە لەرۆژنامەی "هاوکاری" ژمارە (١٧٠١) بلاوکراوەتەوە.

# هەموو جەستەم شەیدای تۆیە

پەنجەکانم
تینووی ڕەنگی
زوڵفی ڕەشی قەترانیتە...
تینوی دەنگی
تاڵی پرچی کەمانیتە...
چاوەکانم ئەیانەوێ،
بۆ کیشوەری چاوەکانی تۆ بڕوانن...
لێوەکانم تینوویانە ئەیانەوێ،
تامو چێژی لێوەکانی تۆ بزانن...
حەزم لێ یە
هەموو کاتێ
گوێم لەقاقاو تریقەی پێکەنینت بێ
گوێم لەچرپەو قسەو ووتەی شیرینت بێ
حەزم لێیە
لەگەڵ هەموو
هەڵمژینی هەناسەیەك
بۆنی گوڵاوی تۆ بکەم
لەگەڵ هەموو کزە بایەك
هەست بەهەڵاوی تۆ بکەم
شەیدای ڕەزی
سینەی پڕ بەمیوەی تۆمە

منالٚ ئاسا
شەیدای شیرو
هەلگووشینی مەمەی تۆمە
هەموو جەستەم
هەر لە پێ تاتەوقی سەرم
شەیدای باوەشی گەرمی تۆن
خولیای ئامێزی نەرمی تۆن

گەلاوێژی 1988
تەکیە

* ئەم هۆنراوەیە لەرۆژنامەی "هاوکاری"دا بلاۆکراوەتەوە.

# یاد

**ئەم شەو پەڕەی یادەکانم**
**لە پەرتووکی یادگارا**
**هەڵدایەوە...**
**گەلێك وێنەی زەردوو سوورم**
**تیا بەدی کرد**
**بەڵام گیانە**
**هیچ کامێکیان**
**وەك ئەو یادە نەیهەژاندم**
**کە پێت ووتم:**
**دەتۆش بۆخۆت**
**چاو بگێڕە...**
**گوڵێکی جوان هەڵبژێرە..**
**یەك ، یەك هێشووی**
**هیواکانتی تیا بژمێرە...**

**1988/7/12**

**تەکیە**

* ئەم پارچە هۆنراوەیە لەرۆژنامەی "هاوکاری" ژمارە ((١١٠٥))دا بڵاوکراوەتەوە.

# سارد بوونەوە

جاران ئەگەر
هەموو ڕۆژێ بەدەیان جار
نەت دیتبام، نەم دیتبای...
ئەوا شەوان گڕمان دەگرت
بۆت دەسووتام، بۆم دەسووتای...
جاران ئەگەر
هەموو ڕۆژێ دەمی حەزمان
تامی لێوی یەکتریان
نەچێشتایە...
لەوانەبوو منالْ ئاسا
چی فرمێسکی چاویان هەبوو
بڕشتایە...
کەچی گیانە
ماوەیەکە نەسیمی شەو
بۆنی ئەوینتی لێ نایە...؟
پێوستەچی ڕۆژ
کوا نامەتی لەگەڵدایە
ئەڵێی ئێستا
سارد بوویتەوە
وەکو جاران
حەز بەمەلەی



دەریای چاوەکانم ناکەی...
وەکو جاران
هەست بەئێشی کڵپەی زامەکانم ناکەی...
گیانە تۆخوا
ئەگەر خۆشەویستی منت
بیر چۆتەوە...
بڕوا بکە
عەشقت بەفرە
لەسەر دەماوەندی دڵم
بەستوویەتیو
ناچێتەوە...

1988/8/3
تەکیە

* ئەم پارچە هۆنراوەیە لەپاشکۆی عیراق ژمارە (٦٧)ی چوارشەممەی ١٩٨٨/١٢/٢٨دا بڵاو کراوەتەوە.

# خەونی شەوێك

کچەکە گیان
خێربێ خوایە
ئەم شەو خەونم پێتەوە دی
لەخەونمدا
لەناو بەرگێکی بووکێنی سپیدا بووی..
لەتەکمەوە
لەناو کەشێکی دڵخۆشی کپدا بووی..
ئەو ساتانە
بەدەم شنەبای هاوسەری
پێ دەکەنین...
بەدەم خۆشی دوو خۆشەویست
لەجێ ژووان هەڵدەپەڕین...
ئەوکاتانە لەئاهەنگی سوورکردندا
یەکترمان گوڵ باران دەکرد...
ئەو دەمانە
باوەشی ڕازو نیازمان
بۆ یەك دەبرد
ئای کچەکەی دەم بەخەندە
خوا دەیزانی
هێند ئەو شەوەم لا پەسەندە
بەبارتەقای خۆشەویستیت
لەناخی سینەما بەندە

نازانم چۆن
باسی ئەو شەوەت بۆ بکەم..!
نازانم.. نا
کە چۆن باسی
خۆشی ئەو خەوەت بۆ بکەم..!
ئەڵێن پاشا
ئەڵێن سەرداری گشت جیهان...
نا گیانە.. نا.. نایگۆڕمەوە
بەو چرکەیەی
پەردەی شەرممان ترازان..
کچێ ئاخر دوور بێ لەتۆ
دوور بێ لەخۆشەویستیمان..
ئەڵێن خەون ئاوەژووە...
خەڵکی ئەڵێن
خەونی خۆشی
بەباڵای خەما هەڵچووە..
کچێ ئاخر بۆیە ئێستا
لەخۆشەویستیت دەترسم
لەبۆ ئەنجامی ئەم خەونە
هەر دەپرسم
هەر
دە
پر
سم

1989/10/21
تەکیە

# ئاشناتم

هەروەکو چۆن
هەڵۆ ئاشنا بەکێوە...
هەروەکو چۆن
خەندەش ئاشنا بەلێوە
وەك دەزانی
هەنگ شەیدای مژینی گوڵە...
وەك دەزانی
کە خوێن هەڵقوڵاوی دڵە...
ئاواش گیانە
بڕوا بکە
وێنەی بوولبول
عاشقی گوڵی گۆناتم
وەك پەپولە
سووتاوی دەوری چراتم

1989/11/12
هەولێر

* ئەم هۆنراوەیە لە گۆڤاری ((ڕەنگین))ی ژمارە (٦٣)دا بڵاو کراوەتەوە.

# جیابوونەوە ×

پەریزادە
من دەزانم
کۆترە شاخی حەزەکانم
بە گوێسوانەی ڕۆحی دڵت
ماڵی نابێ...
باش دەیزانم
ئەو ئاوازەی
بیری ئاسکی خۆشەویستی
من لێ دەدا
هەرگیز.. هەرگیز
خانەی مێشکت، لێی تێناگاو
حاڵی نابێ...
کەواتە هەتا زووترە
بادەست لەیەکتر هەڵبگرین
سەر لەنوێ بۆ عیشقێکی تر
بەدارە دارە پێ بگرین

1989/11/12
هەولێر

# گومان مەکە

-1-

گومان مەکە
خۆشەویستیم
باڵندەیەکی کۆچەرە
لەهێلانەی خۆی تەریوە...
دێتو دەڕوا
بۆ گوڵی گۆنات فرپیوە...

-2-

گومان مەکە
وەك ئاهوی سرك
سڵ مەکەوەو مەڕەوێوە..
باش دەزانی
کەشتی عیشقت
لەکیشوەری چاوەکا نما
مودەتێکە وا بەڕێوە....

-3-

گومان مەکە
مەترسە لێم..
لەناو دڵی کچێنیتا
دەرۆزەیەکی گەڕۆکی
بێ ڕێم و جێم...

-4-

گومان مەکە

وەرەو عەشقی ڕاستەقینە

لەچاوا نما بخوێنەوە...

وەرەو ساوای تێر گریاوم

بەمژینی مەمکی حەزت

بنوێنەوە...

بالە ناخی گیانی تینووت

بتوێنەوە...

-5-

گومان مەکە

گوێ لەقسەی مەرگە وەڕان

ڕامەدێرە..

میلی قیبلە نمای حەزت

ڕوو لەمن کەو

داخی مەرگیان پێ بسپێرە...

-6-

گومان مەکە

نزیك بەلێم

دەست بنێرە نێو دەستمەوە

پەردەی گومان لەتو پەت کەو

پەری ئاسا

هێدی... هێدی

بێرە کرۆکی هەستمەوە

-7-

گومان مەکە

وەرە دووتوێی دڵەی پاکم
بەڵکو وانەی
خۆشەویستی بڵێینەوە...
بەڵکو... بەڵکو
لەناو ئەوینی یەکترا
بتوێینەوە..
بتـ
وێـ
ـبـ
نە
وە

1989/12/22
هەولێر

* ئەم هۆنراوەیە لەڕۆژنامەی "هاوکاری"ژمارە (١٧٩١)دا بڵاوکراوەتەوە.

# زەمانی عیشق

خەڵکی دەڵێن
عیشق چییە؟
خۆت کردووە بەشۆڕەلاس
توێشووی ئەوت
لەدەفەی شانت بەستووە..
لەسەر خۆنیو
قسە دەبوێری
وەکو بابای بادەنۆشێك
پەیدەر پەی بە پێك مەستبووە
دەڵێم یاران
بڕۆن لەفەرهاد بپرسن
بزانن چۆن
ڕازی شیرین هەڵدەڕێژێ..
یا لەسیامەند بپرسن
بزانن چۆن
گۆرانی خەجێ دەبێژێ...
ئەی بۆ ناپرسن لە ڕۆمیۆ
بزانن چۆن
بۆ عەشقی جولێت دێتە گۆ
بۆیە دەڵێم

تەنها عاشق
لەزمانی عیشق دەگات...
ئەگەر کەسێك
تەرمی حەزە ساواکانی
بەدەستی خۆی نەناشتبێ
چۆن دەتوانێ؟
پەی بەمەرگ و پرسە ببات

1989/11/22
هەولێر

* ئەم هۆنراوەیە لەڕۆژنامەی ((هاوکاری)) ژمارە (١٦٩٤)دا بڵاوکراوەتەوە.

# مەزاری نوێ

-1-

تۆ لەلای من زۆر پیرۆزی
جێی بەردە ڕەشێکی ترم
لەدڵما بۆ دروست کردووی..
هەموو ڕۆژێ بێ بڕانەوە
بۆ پەیکەری بەژنو باڵات
کڕنۆشی حەزم بۆ بردووی

-2-

ساڵەهایە
بەهەزاران
بۆ مەزاری پیرۆزی خوا
سۆفی ئاسا
ڕێگەی دووری دەگرنە بەر...
لەمەنزڵگای دڵی مندا
چەندان حەزی سەرشێتانە
بەعەشقەوە تاجی سەفەر..
لەنێوانی دڵی منو پەیکەری ئەرخەوانیتا
دەنێنە سەر...

-3-

تۆ لەدڵما هێند پیرۆزی
بووی بەئەشکەوتی ((ئەمارناس))(١)

هەزاران حەزی سەوزو سوور
لەبەر پیرۆزی خوای ((سیغا))(٢)
نیازیانە بێنە مەزار..
لەخوێناوی دڵی مندا
خۆیان دەشۆن
ئەوسا زۆر بە ویقارەوە
دێنە گوفتار...

-4-

تۆ لەدڵما هێند پیرۆزی
بینای قەڵایەکی تۆکمەم
لەئەوین بۆت داڕشتووە...
ئە مجارە لەجێی "شەباب و(٣)
دولبەر"ی قشت و خنجیلە
ئاوی عەشقیکی نهێنیم
بۆت ڕشتووە..
هەزارانی
وەك "بازاڕ باشی"(٤)م کوشتووە

1989/12/22
هەولێر

(١)- ئەمارناس: ئەشکەوتێکە لەویلایەتی کشمیر لەهیندستان.
٢- سیغا: خوایەکە لە ئەشکەوتی ئەمارناسدایە خەڵکی هیندستان دەچن بۆ حەج بۆ ئەوێ، پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە گۆمە ئاوێکی لێیە خۆیانی لێ دەشۆن ئینجا دەچنە ژوورەوە.
٣- شەباب و دولبەر: دوو عاشقن لەڕۆمانی قەڵای دمدمدا باسکراون
٤- بازارباشی: ئەو پیاوە بوو کەهەوڵیدا نێوانی شەبابو دولبەر تێك بدا.

# بۆنی غەریبی تۆ دەکەم

جاران ئەگەر
تەمی خەمێك
دوندی دڵمی بگرتایە
چ شەو بایەو چ ڕۆژ بایە
حەزم دەکرد
بەرامبەر بەگلۆپی کز
شەنی خەمم بەبادایە
حەزم دەکرد
تێر .. تێر بەکوڵ بگریمایە
*   *   *
جاران ئەگەر
بەدزی گۆشە نیگایەك
دڵدارەکەم
چاوی حەزی لەئاستم بتۆرانایە..
یالە سۆچی کۆڵانێکدا
پێش ئەوەی ئاودیو ببوایە
گەر ئاوڕێکی عاشقانەو
بزەیەکی شەرمنانەی نەکردایە
خەمێکی قووڵ دایدەگرتم
خامۆشی باڵی بۆ دەنگی لێ دەتەنیم
پێم خۆشە بوو

بدەم لەزەنگی گریانێکی هێند بەکوڵ
هەتا کورەی
هەموو خەمم دەوروژان
جاران ئەگەر، خوا نەخواستە
دەنکە کەم لێم زویر بایە
حەزم دەکرد داخلی دڵم
پێم خۆش ئەبوو دەرگای دڵم
بۆ هەموو کەس بکەمەوە
لەنووکەوە
پرچی خەمم بهۆنمەوە
کەچی ئەمڕۆ
زۆر لام سەیرە
کەخەڵکی هەموو زانیان
تۆم خۆش ئەوێ
کەخەڵکی هەموو زانیان
ناردمە داوات تەنیا شەوێ
تازە باوکت
برو بیانووی لێم دەوێ
هەرچەند ئەمڕۆ
زیاد لەکۆستی هەموو جارێ
داری حەزم
گەڵای خەمی لێ دەبارێ
وەلێ ئەمڕۆ
بۆ عەشقی تۆ
زیاد لەجارێ
بەلێزمەی بەهاری عەشقت

کانی چاوانم دەتەقێن
سەرگۆناکانم تەڕ دەکەن
بەرووخسارما دێنە خوارێ
بەڵام ئەمشەو
بۆ عەشقی تۆ
حەز دەکەم بەتەنیا بگریم
کەچی ئەمشەو
هیچ حەز ناکەم
دەرگای دڵم بۆ کەسێ تر
بکەمەوە
خەڵکی لەخۆم کۆکەمەوە
پرسەیە تر
لەبۆتەرمی حەزەکانم
نوێ کەمەوە
کچێ ئەمشەو
هەست ئەکەم زۆر لەمن دووری
بۆنی غەریبی تۆ دەکەم
بۆیە ئەمشەو زۆر پێم خۆشە
لەجیهانی بێ تۆییدا
بەبێ دەنگی
تێر تێر بۆ غەریبیم بگریم

1990/5/15
هەولێر

# گەردی غوربەت

ئەمشەو تەنیام
هەنگی هەست و یادەکانت
ئا پوورەی مێشکمیان داوە
ئالۆسکاون
خانەی مێشکم دەکرۆژن
دەڵێی شاژنی گەورەیان
لێ تۆراوە
ئەی نازانی؟
مەلی غوربەت
لەسەر پەڕەی زەردی گۆنام
هەڵنیشتووە
بەکلچێوکی تۆزی دووریت
چاوانی خۆمم ڕشتووە
ناسکۆڵە گیان
مەملەکەتێ تۆی تیا نەبی
دەپێم بڵێ
چ وانەیەکم فێر ئەکا
زۆر دەترسم ئەم دووریە وەکو یعقوب
چاوانی منیش کوێر ئەکا!
بەرخۆلە گیان
ئاخۆ ئێستە

تەمی کۆستی خەمێکی قوڵ
ڕوخساری تۆشی تەنیوە
نیوەشەوێک
دڵەی پاکت بەکابوسێ
ڕاچەنیووە
وەرەو ئەمشەو
تەمی دووریو گەردی غوربەت
لەسیماما بتەکێنە
وەرەو ئەمشەو
دیدەی حەزێکی شێتانەم
بۆ هەڵهێنە
ئەمشەو تەنیام
ئای .. کەتەنیام
دڵم زۆر بە خۆم دەسووتێ
بێ تۆ ئەمشەو
وادەزانم
زارۆیەکم لەبارچووە
کەسێك نی‌یە
هاوبەشی پرسەو شینم بێ
کەسێك نی‌یە جگە لەتۆ
سارێژکەری برینم بێ
کچێ وەرەو

چیتر بە پوولەی ئەم حەزەم
بەبڵێسەی عەشقی دووریت

مەسووتێنە
وەرەو مەرد بەو
مۆڵەت بۆ ژووانێکی تر
بڕەخسێنە
گەردی ئەمشەوی غوربەتی
لەڕووخسارم
بتەکێنەو
ب
ت
ە
ك
ێ
ن
ە

1990/5/25
هەولێر

# تاسەی تازەترین هەواڵی تۆ


ئای کەشەیدام
بۆ بیستنی هەواڵی نوێ...
چەند پێم خۆشە
ئەو خونچەیەی
لەبەهاری مێشکمدایە
بەویساڵی
عەشقی پیرۆزت بپشکوێ...
پەریزادە...
تینووم بۆ قومە ئاوێکی
کانی ئەو عیشقە بەربادە..
بڕوابکە
بەکورتە هەواڵێکی خۆش
پێی مەست ئەبم بەبێ بادە...
ئای دڵە گیان
ئێستا دوورم
وەلێ هەرچەندە دووریش بم
وەك جوانترین تابلۆی "ڤان کوخ"لەبەرچاومی..
تەزوو بەخشی
جەستەی توانای لێ بڕاومی..
ئاسکۆڵە گیان
لەچاوەڕوانی پەیامی

پیرۆزی نوێترین هەواڵ
دڵم بەخشی بەقەتارەی خەمەکانم
لاشەم کردە بەردەبازی حەزەکانم
گوێم هەڵخست بۆ
تازەترین دەنگوباست..
سۆمای چاوانم کرد بە دە
بۆ دیداری گەیشتنی لوتفی خاست..
شەیدام.. شەیدام
ئای حەزەکەم
گوێ هەڵخەم بۆ
بیستنی نوێترین هەواڵ..
چەند حەزەکەم کە پە پووی خەم..
بەو هەواڵە
بفڕێو بدا لەشەقەی باڵ...

1990/5/26
هەولێر

# چریکەی عەشقێکی وەنەوشەیی

((پێشکەشە بە تۆ چونکە گەر تۆ نەبای ئەم بازەش نەدەبوو))



غازی حەمە ٩٧

-1-

کەخۆشم ویستی
کەخۆشت ویستم
سەرەتای وەرزی
بەهاربوو
ئەوکاتە کۆحەزی ئێمە
وەك مندالی
شێتو هاربوو

-2-

کە خۆشتم ویست
هەندێ کالفام لایان وابوو
ئەوینی مە
کەفو کولێکی سەرشێتە
هێند پێ ناچێو
دادەمرکێ
وەك مندالێ
لەخەوێ خۆش ڕادەچلەکێ

-3-

هۆپەری خان

کەخۆری تیشکی چاوانت
لەئاسمانی حەزما هەڵهات
شاری دڵم
سەرتا پا بوو بە چراخان
-4-
کەهەڵتم بژارد
کەتەرزی عەشقی خۆم تیانا ژمارد
تا دەهات دەمی خونچەی ئەوینمان
دەکرایەوە
تادەهات ڕۆژی
هەزاران تەون بەتانەو تەشەر
ئالەم شارەدا
بەرامبەر ئێمە ئەهۆنرایەوە
-5-
بۆیە تا دەهات
زیاتر تۆم خۆش ویست
چونکە گوێی دڵی
ئەوینەکەی تۆ
هیچ کام لەو تانەو
تەشەرەی نەبیست
-6-
بۆیە تۆم خۆش ویست
چونکە لە پێش من
ئاوێنەی دڵت
وێنەی کەسێکی تیا نەبینرابوو
تابلۆی دیمەنت بۆ هیچ کەسێ تر

نەنەخشێنرابوو

-7-

بۆیە حەزم کرد ئەگەر ڕۆژێ بێو
چارەنووس بیکا ببیە هاوسەرم
مایەی شادیمە لەدواڕۆژا
تاجی زێڕینی عەشقی پیرۆزت
بکەمە سەرم
تاتۆ ببیتە نموونەی ئافرەت
تاهاتوو باسی زەعیفیت بکرێو
لێت بکرێ نەفرەت
بتوانم باسی ئازاییت بکەم
بتوانم ناوی پیرۆزت بەرم

-8-

بۆیە خۆشەویست
بڕوا کە ئێستا زۆر لام پیرۆزی
چونکە عەشقی تۆ
گەورەترین بەرەکەتی نەبڕاوەیە
کانی سۆزی
درێژترین هۆنراوەیە

-9-

ئەی خۆشەویست
تۆ ئەو کەسەی
مێژووی پڕ شکۆو سەروەریت
لای من نەخشاند
میسك بوویت و
بەرامەی هەمیشە شادیت

لەڕووم پرژاند

-10-

ئەی هەناسەی خەمی شیعرم
ئەی هاودەمی حەزو تاسە
ئێستا ئێمە
یەک جەستەین و یەک هەناسە
لەگەڵ ترۆپکی ئاواتدا
دەکەین پیاسە

-11-


کەواتە ئێستا
"عەشقی پیرۆزی ئێمە وەهایە
هەتا خواوەندیش لێمان ڕەزایە"(١)

١) دێڕە هۆنراوەیەکی "ئەحمەد ڕەزایە"و مامۆستا "ئیبراهیم محمد" کردوویەتی بەگۆرانی.

## سوپاس و پێزانین:

* پڕ بە دڵ سوپاسی هاوڕێم کاک ( حمید ابوبکر ) و تێکڕای ئەو دۆستو برادەرانە دەکەم کەهاوکاریان کردم بۆ لەچاپدانی ئەم نامیلکەیە.

ژمارە سپاردنی ٥٣ی ساڵی ١٩٩٨ی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی دراوەتێ



گیانە وتیان
دوێنێ هەواڵت دەپرسیم
بۆم دەگەڕای بەتاسەوە...
کەچی ئەمڕۆ
نەهەواڵم لێ دەپرسیو
نەدەشم دەی
بەددم کڵپەی هەناسەوە

# Waiting for your love

POMES BY

**Majeed Dilnya**

1998